# پەیامی کۆنگرەی بەغداو دەسکەوتەکانی خەڵکی کوردستان!

**هۆشیار عبدالرحمان**



رۆژی ٢٠٠٧/٣/١٠ لەشاری بەغدا، بەئامادەبوونی نوێنەری چەند وڵاتێکی عەرەبی و نوێنەری هەرپێنج ئەندامەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و نوێنەری کۆمکاری عەرەبی و کۆنگرەی وڵاتانی ئیسلامی کەوڵات بەشداریان تێدا کرد، کۆنگرەیەک لەپێناو گێڕانەوەی ئاسایش بۆ عێراق بەڕێوەچوو. ئەمە یەکەمین کۆنگرەیەکە بەشێوەیەکی فراوان دەوڵەتانی زلهێز بەشداری تێدادەکەن، لەسەرەتای کردنەوەی کۆنگرەکە بەوتەیەکی هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق دەستی پێکرد و هیوای خواست وڵاتانی دراوسێ و بەشداربووی کۆنگرەکەهاوکاری و پشتیوانی خۆیان بەجدی بۆ پرۆسەی سیاسی عێراق بخەنەگەڕو بەهیچ شێوەیەک ڕێگە بەتیرۆرستان نەدەن لەسنورەکانی وڵاتەکانیانەوە دزەبکەنە ناوەعێراق و کاری تیرۆرستانەو تەقینەوەو ئاژاوە لەعێراق بخولقێنن و هاوکاری هیچ گروپ و نەتەوەو تایفەیەک نەکەن، دواتر (نوری مالکی) بەوتەیەک ڕایگەیاند ئێمەبەهیچ شێوەیەک ڕێگەبەکەس نادەین لەسەر حسابی ئێمەو لەسەر خاکی ئێمەحساباتی ئقلیمی و نێودەوڵەتی یەکلایی بکرێتەوە،هەروەها داوای لەبەشداربوونی کۆنگرەکرد هاوکاری مادی و مەعنەوی خەڵکی عێراق بکەن بۆ ئاوەنکردنەوەی عێراق و دەست وەرنەدەنەکاروباری ناوخۆی عێراق، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجی هەموانە بەیەک گەیشتنی نوێنەری ئەمریکاو ئێران سوریایە لەکۆنگرەکەدا تاگەیشتەڕادەی تەوقەکردن و یەکتر ناسین و بزەکردنی دیبلۆماسیانەلەبەرامبەر یەکتری. هەروەها (زاڵمای خەلیلزاد) بالیۆزی ئەمریکا لەکۆنگرەکەدا جارێکی تر ئێرانی بەوە تۆمەتبار کرد هاوکاری گروپەشیعەتوندرەوەکان دەکات و چەک و تەقەمەنی و داراییان بۆ دابین دەکات بۆ ئەوەی توندوتیژی لەعێراق بەردەوام بێت، تاکو ئەمریکا نەپرژێتە سەرە خۆی بۆ دارشتنی بەرنامە سیاسیەکانی خۆی لەعێراق و ناوچەکەدا. هەروەها لەبەرامبەردا نوێنەری کۆماری ئیسلامی ئێرانیش ڕووبەڕوو هەموو تۆمەتەکانی ئەمریکای ڕەت کردەوەو خودی ئەمریکای بەسەرچاوەی ئاژاوەو توندوتیژی لەعێراق لەقەڵەمدا، هەروەها نوێنەری ئێران پێی لەسەر ئەوەداگرت کە کۆماری ئیسلامی ئێران بەڕاستی پشتگیری پرۆسەی سیاسی لەعێراقدا دەکات نیشانەی ئەوەش بەشدابوونی ئێرانەلەم کۆنگرەیەدا.

ئەم کۆنگرەیەلەسەر پێشنیار و ڕاسپاردەکانی ڕاپۆرتەکەی بیکەر هاملتۆن هاتووەتە بەستن، چونکە ڕەوشی نالەباری سیاسی و ئابوری و ئەمنی عێراق ڕۆژ لەدوای رۆژو مانگ لەدوای مانگ بەرەو خراپترو خراپتر دەڕوات، بۆیەدەبینین چاودێرانی سیاسی بێ ئومێدی و نیگەرانی بەردەوامی خۆیان لەسەر ئەم ڕەوشەنالەبارەی عێراق ناشارنەوەو ئێستا زیاتر تەئکید لەسەر هەنگاو نانی عێراق لەسەر شەڕی ناوخۆ دەکەنەوە. لەدوای کۆنگرەی بەغدا بڕیاردرا کۆنگرەیەکی تر لەمانگی نیساندا بەبەشداری وەزیری دەرەوەی وڵاتانی بەشداربوو لە(قاهیرە) ببەسترێت بۆ چارەسەرکردنی بەپەلەی ڕەوشی ئاسایشی عێراق، هەروەها ئێستا باس لەگۆڕانکاری لەپۆستەگرنگەکانی وەکو سەرۆکی حکومەت و سەرۆک کۆمار دەکرێت و هاکێشەی سیاسی و بەرەی سیاسی نوێ بەڕێوەیەکەئەمریکاو سعودیەش پشتگیری لێدەکەن، کەواتە دەبێ سەرکردایەتی سیاسی کوردو خەڵکی کوردستان زۆر بەئاگایی و وورپایەوە هەنگاو لەبەرامبەر بەرەی سیاسی نوێ و گۆڕانکاری لەم پۆستە گرنگانەدا بکات، چونکەچارەنووسی و دەسکەوتەکانی خەڵکی کوردستان تائێستا لەژێر پرسیارو مەترسیدایە، چونکەپێشبینی گۆڕانکاریەکان لەعێراقدا ئاڵۆزەو دەوڵەتانی ئقلیمیش کەوتوونەتە جوڵەو بزاوتێکی دیبلۆماسی زۆر لەبەرامبەردا داخوازیان بۆ هەمواركردنی دەستور و فیدراڵی و مادەی(١٤٠یش) بەمەترسی لەسەر خۆیان دەبینن، کەواتە گۆڕانی ئاراستەی هاوکێشەی سیاسەتی ناوچەکەو ئەمریکا و وڵاتانی ئقلیمی و بەرەیەکی سیاسی نوێ لەعێراقدا تەنها و تەنها لەدژی دەسکەوتەکانی خەڵکی کورستان و بەقازانجی دوژمنەکانی گەلی کورد تەواو دەبێت.

# چەند قسەیەکی نوێ لەسەر مێژووی نەورۆز

**م/بێستوون جەلیل**

وەکو دەڵێن مێژوو دایکی هەموو زانستەکانە، (هێرۆدۆت)ی یۆنانی و (ئیبن خەلدون)ی عەرەب و (شەرەفخان و دکتۆر کەمال)ی کورد و سەرجەم مێژوونووسان کۆک و تەبان لەسەر ئەو وتەیەو دەڵێن: مێژوو دەبێ بنەمایەکی ڕاستی و زانستی هەبێ ئینجا دەبێ بەمێژوویەکی نەمر، ئەگینا هیچ هێزو دەسەڵاتێک ناتوانێ بەدرۆ مێژوو تۆماربکات، ئەگەر تۆماریشی بکات نابێتە ڕاستی و دواتر هەر ئاشکرا دەبێ. گەلی کورد خاوەنی مێژوویەکی درێژو دەوڵەمەندە، بەڵام بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری ناوخۆو دەرەکییەوەبەشێکی زۆر لەمێژوو ون بووەیان شێوێنراوە، بۆیە پێویستە هەموومان دڵسۆزانەترو ژیرانەتر بگەڕێین و لاپەڕەکانی مێژووی خۆمان و دەرو دراوسێکانمان بەباشی بپشکنین و ون بووەکان بدۆزینەوەو ئاشکرایان بکەین و شێوێنراوەکانیش ڕاست بکەینەوە.

یەکێک لەو کاریگەرییە ترسناک و خراپانەی کەکار لەمێشک و هزری تاکەکانی نەتەوەیەک دەکات و دەیکەن بەجۆرێک ڕاستی لەلای خۆیان و شانازی پێوەدەکەن و ململانێیەکی نارەوای لەسەر دەکەن ئەو درۆ هەڵبەستراوە مێژووییانەیەکە بۆ ئەو نەتەوەیە لەئاوێنەیەکی تەڵخ و تۆزاوییەوە وێنە گیراون.. هەر ئەو جۆرەهەڵبەستراوانەیەکە مێژوویان لێمان ئاوەژوو کردووەو بوونە بەهۆی لەناوچوون و ڕووخانی کۆمەڵێک شۆڕش و میرنشینی کورد. دەبێ نەوەی نوێ و ژیری نەتەوەکەمان بەزانستییانە شیکاری مێژووی دەوڵەت و شۆڕش و ڕاپەڕین و جەژنەکانمان بۆ بکەن کە بەداخەوە هەندێک لەنووسەران لەجیاتی ئەوەی دەستنیشانی خاڵەلاوازو زیان بەخشەکانی ناو مێژووی نەتەوەکەمان بۆ بکەن، ئەوانیش هاتوون وەکو (توتی) قسە بێبنەماو ناڕاستەکانمان لێ دەکەنە ڕاستییەکی زانستی و بەرگرییەکی بێ پەرواشی لێ دەکەن، خۆیشیان بەپێی هۆشی خۆیان و ئەو کاریگەرییەی کەکەوتوونەتە ژێری زیادو کەم و هەڵچوون و داچوونیشی بۆ دەکەن و ئەوەندەی دیکە بابەتەکە دەئاڵۆزێنن. هەندێ جار ئەو شێواندنەدوژمنەکانمان دەکات بەپاڵەوانی ڕاستی و بەرگری کەرمان و بەپێچەوانەشەوە قارەمان و تێکۆشەرەکانی خۆمان لێ دەکات بەخوێن ڕێژو خائین، ئەگەر ئەو ڕاستیانە بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستیانەو وەکو توێژەرەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و سایکۆلۆژی لێک بدرێتەوەو شیکار بکرێن و بوێرانە هەندێک لەو مێژووەرەت بکەنەوەو ڕاستی بکەنەوە، ڕەنگەعەقڵیەتی کوردی لەو تەگەرانە دەربازکەن کە بەهۆیانەوە ئیفلیج بووە.

یەکێک لەو جەژنەگرنگ و پیرۆزانەی کەئێستا کورد شانازی بەبوونییەوەدەکات و بەرۆژێکی پڕ لەسەروەری و سەروکەوتنی دەزانێ (جەژنی نەورۆز)ە. نەورۆز وەکو لای کورد ناسراوەرۆژی سەرکەوتنی شۆڕشێکی جەماوەری و زەحمەتکێشی کورد بووە بەسەر حاکمێکی زۆرداری ئەوکاتەکەناوی (زوحاک) بووەبەسەرکردایەتی پیاوێکی کورد کەناوی (کاوە)ی ئاسنگەر بووە. هەرچی نووسەرو شاعیر و هونەرمەندی کوردەئەوەی پێیان کرابێ بەبەردەوامی شانامەو سروودو پیاهەڵدانیان وتووە بەسەر ئەو رۆژەدا. بۆیە دەبینین مێژووی ئەدەبیات و رامیاری کورد لێواو لێوەلەو جۆرەیادکردنەوانەو وا تێگەیشتوون ئەگەر هەرکەسێ وەکو جەژنێک یادی نەکاتەوەو پیرۆزبایی لەیەکتر نەکەن لەسەری ساڵی کوردی دا کەمتەرخەمی نواندووە بەرامبەر مێژووی گەلەکەی. لەڕاستیدا ڕۆژی نەورۆز کەکراوەبەسەرەتای دەسپێکردنی ڕۆژ ژمێری کوردی ئەو ڕۆژەیەکە دەوڵەتی کوردی (ماد)ی تیا ڕووخا. بەداخەوە تا ئێستا کورد لەجەژنی ڕووخانی دەوڵەتەکەی خۆیدا (٢٧٠٦) ساڵەجەژن و ئاهەنگ دەگێڕێ.

دکتۆر (محەمەد ئەحمەد سەعید) مامۆستای کوردۆلۆژی زانکۆی سلێمانی لەچەند کۆڕو دانیشتنێکدا ئاماژەی بەوەداوە کە ئەو حکومەتەکوردییەحاکمەکەی کورد بووەوەئەنجوومەنی ئەو حکومەتە لەپیاوە هەرەژیرو دڵسۆزەکانی وڵات پێکهاتبوون، بەڵام فارسەکان کەهەمیشەحەزیان لەکورد نەبووە، بەپیلانێکی دەرەکی کەهەندێک لەتورک و ئەفغانییەکانیش هاوکارییان کردوون توانیویانەچەند کەسێک لەناو کوردەکان هەڵگێڕنەوەو بیان خەڵەتێنن و هەڵەیەکی گەورەیان پێبکەن و پوازێک لەکورد دابیڕن دوای چەند ساڵێک هەر لەڕێگەی ئەوانەوە کودەتایەکی سەربازی دەکەنەسەر پاشاو دەیکوژن. دکتۆر دەڵێ: یەکێک لەو کوردەن اودارانەناوی (کاوە) بووەکەلەگەڵ فارسەکاندا ڕێککەوتووەو ئێستا کورد شانازی پێوەدەکا، فارسەکانیش زۆر بەزیرەکانەئەوەدەقۆزنەوە، بۆ ئەوەی لەسەریان نەکەوێت و گلەیی مێژوویی نەیەتەسەریان و هەم بۆ ئەوەش زامی کوردەکان سارێژ ببێت بواریان پێ دەدەن ئەو ڕۆژەکە سەرەتای وەرزی بەهارەبکەن بەڕۆژی جەژن و خۆشی و ئاهەنگ گێڕان و دواتر کردیان بەسەرەتای مێژوویەکی ساڵی کوردی کە ئێستا پەیڕەو دەکرێت. ئەگەرچی (کۆرشی) فارسی و بەهاوکاری هەندێ زۆڵە کورد پایتەختی دەوڵەتی مادیان گرت و لەڕۆژی نەورۆزدا کۆتاییان بەدەسەڵاتی (١٥٠) ساڵەی ئەو حکومەتەکوردیە هێنا کە جێگەی هیواو ئاواتەکانی کورد بووە، ئەگەرچی تائێستا کورد بەڕاستی لەمێژووی نەورۆز نەگەیشتووەو بە بەرنامەی دوژمنەکانی هەڵخەڵەتاوەو کوێرانەیادی ئەو ڕۆژەیان کردۆتەوە، بەڵام لەڕاستیشدا مانگی نەورۆز لەمێژووی نوێی گەلی کوردستاندا پڕە لەهەڵکێشان و داکشان پڕە لەسەرکەوتن و ئازار، هەقە ئەوانە هیچ کاتێ لەیاد نەکرێن و هەمیشەبەزیندوویی ڕابگیرێن یادبکرێنەوەو بکرێن بەسونبلی ئاوەدان کردنەوەو بووژانەوەی کوردستان، چونکە نەورۆز ڕۆژی بووژانەوەو سەرەتای وەرزێکی جوان و ڕەنگینە. نەورۆز بەزانستیانەبکرێت بەڕۆژی ڕاپەڕین (ڕێنیسانس) چونکە ڕۆژێک بوو کەرکوکی خۆشەویستی کوردانی تیا ڕزگار کرا، هەمیشەلەمانگی نەورۆزدا هەزاران هەزار چەپکەگوڵی نێرگزو گوڵاڵەسوورە بکرێ بەدیاری بۆ سەر گۆڕی شەهیدانی هەڵەبجەو (مۆنیمێتی) ئەنفالکراوەکان و شەهیدانی قەڵادزێ، لەبەر ئەوەی ئەو کارەساتانەش هەر لەمانگی نەورۆزو دەورووبەریدا بوون، با بە ئاوڕدانەوەی نازانستی یادی نەورۆز نەکەینەوە و ڕاستییەکان ئاشکرا بکرێن لەجیاتی ئەوە ئاوڕ لەکەسوکارو پاشماوەی شەهیدو ئەنفالەکان بدەینەوەبە چەپکێ گوڵ و بەدەستێ قەڵەم بگرین ئینجا لەیادی نەورۆزدا بەشداری بکەین.

# کۆنگرێ بەغدا عێراقێ ژپارچەبوونێ رزگار ناکەت!

**فەهمی سلێڤانەیی**

چەند هۆشمەندەک و سیاسەتمەدارێن ئیرۆ پەسنا کۆنگرێ ناڤ نەتەوی یێ بەغدا دکەن و بزمانەکێ پۆزەتیڤی ل قەلەم ددەن: دهەمان کاتدە ناکۆکی یا بۆچوونێن وان نوێنەرا دلێدوانێن وان دەبەرچاڤێ پشتی ژکۆنگرێ دەرکەتین، لگۆر بۆچوونا من ئەو کۆنگرە بخوە تاقیکرنەکا مەبەستێن یەکترە؟ دیسان پێگیریەکا ڕاپۆرتا بیکر هاملتۆنە بەلێ نەبونێ شێوازا وانێ پێشنیار کردی، بتایبەتی خالا کو دبێژە سوریەو ئەیرانێ رازیکەن و لەشکرکێشیێ ژعێراقێ بکەن، چونکە ئەڤە دژی بەرژەوەندا وان بخوەیەو ڤێ چەندێ ناکەن، ئەگەر سەرکەتنەکێ دوێ ستراتیجا خوەدانەکەن، ئەوا کو پلان بۆ هاتییە دەینان هەر بەری داگیرکرنا عێراقێ، منژی ئەو باوەر هەیە یاکو حەسەنێن هەیکەل دبێژەکو ئەمریکا یەک ستراتیژ هەیە ژبۆی داگیرکرنا رۆژهەلاتا ناڤین و نێزیک دێ شەرێ وان بەرامبەری ئیرانێ دەست پێکەت، داکو سەرکەتنەکا دوماهی پێکرنا رکەبەرێ ئەمریکا بێ و بارودۆخی وێ دەڤەرێ، کە ئیران ئیرۆ جەمسەرەکە خوە دجهێ سۆڤیێتا هەولوەشای دەدبینێ بەرامبەری ئەمریکا، کو شیایی تا ڕادەیەکا مەزن کاریگەریێ ل سەر دەڤەرێ و بەرژەوەندا ئەمریکا بکەت، ئەڤەژی خویابوو دلێدوانێن ڤێ داویێ دە، ژئالیێ ساتر فیلد کو دەست بسەمفۆنی یێن خوەکری دژی ئیران و سوریە، هەروەها هنارتنا مەزنترین هێزێن وانێن دەریایی و ئاسمانی بۆ دەڤەرێ، دسەرڤێ هەمیێ دە، ئەو ناما هوشیار کەرییێ و مەترسی دار یاکو ژئالیێ وەزیرێ عێراقێ یێ ژدەرفە گەهاندی وان کەسێن کو دکۆنگرێ دەئامادەبووین، هەر وەکی دایە خویاکرن دلێدوانەکا خوەداو گۆتی: ئەڤە ماوەیەکە ئەز پێکۆلێ دکەم بۆ کۆنگرەیەک بڤی ئاوایی و ئەڤەسەرگرت و بو ئەگەرێ ئامادەبوونا ١٦ شاندو ڕێکخراوەدا لەسەر ئاستێ جیهانێ، کو بزاڤێن بڤی رەنگی هاتبوون راوەستان هەر ژساڵا ١٩٩٠ێ کۆنگرێ (قمة العربية) ل بەغدا کربوون، بەلێ دیسان یا فەرە کو بێژم جهێ مەترسیا هەموویان پارچەبوون و شەڕێ نافخۆیێ عێراقێ بیە، ئەڤە د لێدوانەکێ دە(جۆست هێرمان) ژ ڕێکخراوا کۆمەلا قەیرانێن نێڤ نەتەوی کو بارەگایێ وان ل برۆکسل رویدانن کاردکەن ژبۆی چارەسەری یا دژایەتی یا مەترسی دار، ویژی ئیشارەت بپارچەبوون و شەڕێ نافخۆیێ عێراق دا. هەروەها ئەمریکا دبێژە چەک و تەقەمەنی و شەرکەرێن تەرۆریستی هەمی ژ سوریەو ئیرانێ دهێنەناڤ خاکا عێراقێ، ئەڤەژ بلی پەنابەرێن عێراقی یێن کو ل سوریەو ئیرانێ هاتینە وەرگرتن بمەلیۆنانە کو ئەوژی بویە جهێ مەترسیا سعودی و ئوردنێ دەولەتێن دن یێین عەرەبی، کو جەماوەرێ ئیرانێ ل عێراقێ زێدە بوینەو بویە مەترسی ل سەر دەڤەرێ، دیسان یافەرە ئەم بێژین ناکۆکی ل ئەمریکا زۆرەو کا دانوستاندنێ دگەل ئیرانێ بکەن یان نە، بەلێ پالدەرێ دانوستاندنێ دگەل ئیرانێ کۆندۆلیزا ڕایز بو، گۆت زێدەبونا رخنێ دژی ئیرانێ و هنارتنا هێزێن ئەمریکا بۆ دەریا کەنداڤ دیسان دەستگیرکرنا چەند بەرپرسەکێن ئیرانێ ل عێراقێ، ب پالدەرەکێ بهێز لسەر یەک سفرێ ئەمریکاو ئەیران دینن؟! بەلێ دیسان چەپەکێ توندرەو هەنەل نقسینگەها (دیک چینی) جێگرێ سەرۆک بۆشێ دبێژت نابێ ئیدارا ئەمریکا خوە لاواز بینە زمان بەرانبەرێ ئیرانێ، ئەگەرێ ناکۆکیان ئەڤن، دیسان ساترفیلد دبێژە ئەگەر هەر تشتەک دوێ کۆنگرێدە بشێوەیەک پۆزەتیڤی برێڤەچۆ، پاشێ دکۆنگرێ دوێدە بلا سەرۆک وەزیر دگەل یەکتردا روینن، ئەوژی رایس و ولید موعلەم ژ سوری و منوچەهری موتەکی ژ ئیرانێ..

بەلێ کۆنگرە چ سەرکەتن نائینن کو عێراقەکا یەکگرتوو لسەر سیستەمەکێ دیموکراسی و علمانی دامەزرینن، ئەوژی ژبەر ئەگەرێ دژایەتیا ئایدۆلۆجی یا ڕەوشەنبیری و ئابۆری یە دروژهەلاتا ناڤین دە دڤی واری دە زۆر پسیار هەنە خوە تینتە زمان، ئەوژی ئەگەر ئیران شیعا بە پرەکا دەربازبونا بەرژەوەندا خوەو کلیلەکا سەرکەتنا خوەدڤێ دەڤەرێ دەدزانن ئەڤجا سوریەکێ بوێ بەرژەوەندێ دزانن ئەگەر نەسوننەو گروپێن ئسولی یێن ئیسلامن و بەعسی بن یان تورکیا کێ پالبدێ دناڤ ڤێ موعادەلێ دەگەر نەتورکمان بی.. پسیار ئەڤەیەکو ئەم بێژین گەلۆ کەنگێ سننەیێن کو ژ سوریەدەرباسی عێراقێ دبەت برایێن شیعانە کو هندە ئیران و سوریە پێکڤە تێنە گرێدان، باشە تەرۆریستێن سونێن بەعسی و ئیسلامی ژ سوری یێن خوە دناڤ شیعەیێن ئیرانێ دە دتەقێنن و بەرۆڤاژی هەروەها شیعەیێن توندرەو ژ ئیرانێ و هەردوو یەکتر دکوژن! باش ئەڤە نە یاریە کە بڤان کەسان تێ کرن؟! هەروەها سوریەو لوبنانێ



دەمەکێ بوێ یاریێ بون کو هەر شیعە بشیعارە بەردان و یەکتر کوشتن و پالدەرێ سەرەکێ یاکوشتنا حەرەکا ئەمەل ب سەرۆکاتیا نەبیە بری و (حزب اللە) (نصراللە) یەک سوریە دگەل دابویێ دی ئیران. هەروەها هەمی بەرژەوەندێن وان دیسان تێکەلی یەک ببون و لسەر هەر تشتی سوریەو ئیران برابون بەلێ برا پالدان برای بکوژی کونگرێ بەغدا تەنیا لەسەر بگرەو ڤەکێشا دژایەتیا ڤان دەولەتایە دگەل ئەمریکا و بهتر تێکداناوێ یە، ئەز باوەرم تەقینا شەرەکێ مەزنێ تائیفەگەری و ئەقلیمی دێ یشت کۆنگرێ دوێ یێ هەگەر هاتو ل تورکیا دامەزراندن، چونکەدێ بابەتێ کورد و کوردستان دناڤ دابێ ئیرۆ سەنگا دۆزا نەتەوا کورد ژ هەمی تائیفاو نەتەوێن دی گرانترەو دێ هەمی موعادەلێ ددەتە گهۆرین و بهتر دبەرژەوەندا کوردستان دایەو پرۆژێ رۆژهەلاتا ناڤین زۆرا نێزیکە جهێ خوە بگرە... لەوما هندەک دبێژن کو کۆنگرێ بەغدا عێراقێ بەرەو پارچەبونێ دبە.